## بابەتەکانی پەروەردەو فێرکرن پێویستی بە گۆڕانی ڕیشەیی و بە عەلمانی کردن هەیە.

### کورتەیەکی مێژووی لەمەڕ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە عێراقدا

**بەشی دووەم**

نوسینی : شێرزاد فاتح / سوید 2004

تەلەفۆن 0046735715449

ئیمەیل sherzad_f@yahoo.com



لەبەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا ، ئیشارەتم بە نوسینێکی بەڕێز بەهەمەن تاهیر نەریمان کرد، کە لەلاپەرە 9ی کوردستانی نوێی ڕۆژەکانی 12 و 19 یولی 2004 نوسیبوی ، سەرباری ڕەخنەی من لە بۆچون و پێشنیارەکانی کاك بەهەمەن ، بە بڕوای من لێکدانەوەی دروست و ڕێگا چارەی دروستم پێشنیار کرد بۆ گۆڕینی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە ، وە گۆڕینی بابەتەکانی خوێندن، هەروەها باسم لەوە کرد کە وانەی ئاین کاری منالان نییە و دەبێت لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لابرێت و جێگەی خوێندنی ناو منالان و قوتابخانە نییە، نەك ئەوەی کاك بەهەمەن بە ئێمە دەڵێ کە ئەم پەروەردەی ئیسلامییە ناو بنرێت زانستی ئاینی و لەژێر ئەم ناوەدا بخوێنرێت، وە وا پێشنیار دەکات کە کۆمەلێك ئاینی تریش بخوێندرێت نەك هەر ئاینی موسوڵمانان ، چونکە لە کوردستاندا یەزیدی و مەسیحی و شەبەکیش هەن ..!!

لەهەمان کاتدا ئیشارەتم بە گیان لە دەست دان و خۆسوتاندنی چەندین خوێندکار کرد ، لەوانە هێمن نورەیدین لە ئەنجامی لێدانی لەلایەن مامۆستاکەیەوە، عادل هەرەشەو توندو تیژی نواندن لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیەوە ، وە سێ قوتابی تر لە کاتی تاقی کردنەوە وزارییەکانی ئەمساڵی خوێنندا ،کەدەر ئەنجام و گاریگەی و تارماییە خراپەکانی ئەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە دواکەوتوو نا مرۆڤانەیە بەسەر خوێندکاران و مامۆستایانەوە ، هەتابگرە خێزان وکۆمەڵگاش. وە کاریگەری زۆر جدی داناوە لەسەر شێوازی خراپی مامەڵەو هەڵس و کەوتی نێوان مامۆستاو خوێندکاراندا ، وە لەسەر شتێك کە بووە بە نۆرم و ڕەسمێك و پەیڕەوی لێدەکرێت، وە چوارچێوەکی سنورداری دروست کردووە لای خەڵك وکۆمەڵگا. پێش ئەوەی بچمە سەر مێژووی پەروەردەو فێرکردن و دانانی بابەتەکانی خوێندن لە قوتابخانەکان لە عێراق و کوردستاندا، دەمەوێت چەند شتی تر بۆ باسەکەم زیاد بکەم، لە بارەی کەم و کورییەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە.

ئەوە بۆ من زۆر گرنگەو جێگەی خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆکەسانێك لەم بارەوە، واتە لە باری پەروەردەی ئاینی و کۆنەپەرستی و دواکەوتووی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە کەوتوونەتە ڕەخنەو نوسین ، وە خوازیاری گۆرانکارین لەم بوارەدا، من نامەوێت لەگرنگی ئەوە کەم بکەمەوە کە لابردنی وانەی ئاین لە خوێندنگاکاندا چەندە هەنگاوێکی گرنگ و گەورەیە. نیگەرانی و ڕەخنەی من لەوەیە کە ئەو نوسەرە بەڕێزانە بێن بە ڕاستی و ڕۆشنی ئەمە دەر ببڕن ،(وەك پێشتر لە بەشی یەکەمدا وووتم خاڵ بخەنە سەر پیتەکان)، ئەوەی کە جێگای نیگەرانی منە ئەوەیە کە کەس لەو نوسەرانە بەڕۆشنی باس لەم لابردنی وانەی ئاینەو باس لە عەلمانی کردنی پرۆسەی پەرورەوەردەو فێرکردن ناکەن وخەرکی دەست پێدا هێنان و ڕوتوش کردنەوەی پەروەردەی ئاینین. دیارە ئەوەش بڵێم ڕاستیەکەی من چاوەڕوانییەکی لەم جۆرەم لە هەردوو دەسەڵاتی کوردی نییە ، وە ئەوان خۆیان هیچیان دەسەڵاتی عەلمانی نین، لە شێوەی دەسەڵات و حکوم ڕانیاندا ، بەڵکو ئەوەندەی بەلای ئاین و نەتەوەو کولتورو خوو نەرێتی کۆندا دەچن، چارەکی ئەوە بەلای مەدەنیەت و زانست و عەلمانییەتدا ناچن. ئەوە ئێمەی خەڵکانی عەلمانی و ڕۆشنبیرو ئازادی خوازو پێشکەوتن خوازین ، کە دەبێ فشاریان بۆ بهێنین و دواکار بین کە ئەم کارە ئەنجام بدرێ.

تەماشا کەن لەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەدا سادەترین ماڧ ئینسان جێگای نابێتەوە، مرۆڤ بۆی نییە پەیڕەو لە سادەترین خواستی بایۆلۆژی خۆی بکات ، تەنانەت خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکانیش لەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەدا قەدەغەیەو جێگەی نابێتەوە، خۆسوتاندنی 3 خوێنکاری کچ هەر لەم ماوەیەی ڕابردوودا لە هەولێر باشترین نمونەی بۆگەنی ئەم پرۆسەی خوێندنەو دڕندەی و دواکەوتوی شێوزای مامەڵەی مامۆستاو بەڕێوە بەرەکانە لەگەڵ خوێندکاراندا ، هەموو تاوانی ئەم 3 کچە خوێنکارە لاوە ئەوە بووە کە نامەی خۆشەویستسان پێگیراوە..!! ببینن مرۆڤ لە سادەترین ماڧ کەسایەتی خۆی بێبەشە ؟! ئاخر کەی دەبێ بەڕێوبەرو مامۆستا ئیجازەی ئەوەیان هەبێت دەست بە گیرفانی خوێندکارەکانیاندا بکەن ؟!

## کورتەیەکی مێژووی لەمەڕ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە عێراقدا

سەرەتای دەست پێکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و دانانی پرۆگۆامێك بۆ خوێندن لە قوتابخانەکاندا ، بۆ کاتی حوکمی مەلیك فەیسەڵی یەکەم دەگەڕێتەوە ، لەو دەورانەدا کەسێك بەناوی( ساگع الحصری) هاتووەتە عێراق و دەستی کردووە بە دانانی کتابی ( الخلدونیە) کە بەناوی کوڕەکەی خۆیەوە ئەم ناوەی بۆ داناوە، مەلیك فەیسەڵ لە کاتی پاشایەتیدا لە سوریا ئەم ( ساگع)ەی ناسیبوو ، لەبەر کارایی و لێهاتووی مەلیك فەیسەڵ دەیکات بە بەڕێوەبەری گشتی زانستی(مدیر المعارف العامە) ، جێگای خۆیەتی کە ئەوەش بڵێم کە ( ساگع الحصری) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بیری نەتەوەپەرسیتی و شۆڤێنزمی نەتەوەیی عەرەب لە پاڵ چەند کەسی تری وەك ( زەکی ئەرسوزی ، میشیل عەفلەق ، قوستەنتین زوورەییق و..هتد)، سەرباری ئەوەی کە ساگع لە زۆر سەرچاوەدا باسی دەکرێت کە لە عوسمانییەکان بووە ، واتە تورك بووە ، بەڵام خۆی ئەڵێت لە ( لحج) لە دایك بووم و خۆی بە عەرەب دادەنێ ، هەندێ سەرچاوەش دەڵێن لە(صنعاو) لە دایك بووە، لەهەمان کاتدا ساگع دوژمنی سەرسەختی کوردو شیعەکان بووە لە عێراقدا ، وە ئەمەش لە نوسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەك چۆن جەواهیری شاعیر و مێژوونوسی ئەمەریکی کلیڤلاند باسی ئەم لایەنەی ساگع دەکەن و ڕاستی ئەو دوژمنداریيەی ساگع پشت ڕاست دەکەنەوە. (ولیام کلیڤلاند) ی مێژوونوسی ئەمەریکی لە نوسینێکیدا بەم شێوەیە ناوی ساگع دەبات ( ساگع الحصری من الفکره العپمانیه الی العروبه....)، کلیڤلاند بە دەست ئەم ڕایەی (ساگع) ی نوسیوەتەوە کە دەڵێ ( ان النڤام الڒی یجب ان تجیه نحوه ێمالنا هو الاتجاه البرلمانی النازی و الفاشی الایگالی ) . ئەگەر شتێك لەم بۆچونە هەڵبهێنجرێت ئەویش ئەوەیە کە لە پاڵ سیستەمی حوکم ڕانییدا ( ساگع) یش هێندەی تر پەرەی بە بیری قەومی عەرەبی و نازی و فاشی داوە، لە ناو لەناو نەتوەی عەرەبدا وە خۆشی باسی ئەمە دەکات*.

بەڕێز د. عزالدین مستەفا ڕەسوڵ لە وەڵامی نامەیەکی مندا ، ئاوا دەنوسێ (ئێمە لە ساڵی 1939 – 1940 دا کە چوینە قوتابخانە، لە کتابی الخلونیە خوێنمان و هەروەها لەو کتێبەیشدا دەرسم ووتۆتەوە بەڕای ئەوسام زۆر کتێبێکی چاك بووە). هەروەها سەبارەت بە ئەلف و بێی کوردی بەزمانی کوردی و بۆناوچەی کوردستان ، بەڕێز د. عزالدین لەوەڵامی پرسیارێکی مندا دەڵێت دەڵێت:– بۆ ناوچەی کوردستان و بەزمانی کوردی (ئەلف و بێ ) هەبووەو دانەرەکانی ئەم ئەلف و بێیانە( خەلیل خەیاڵی ، محەمەد باشق ، ئەحمەدی عزیز ئاغا و حامد فەرەج بوون)، مامۆستا ئیبراهیم باڵدار کە لە کۆتایی سییەکاندا خانەی مامۆستایانی لادێ( دار المعلمین الریفیە)ی تەواو کرد،هەستی بەوە کرد کە ئەڵف و بێکەی حامد فەرەج کەم و کوڕی هەیە، مامۆستا برایم لە جیاتی ئەوەی کە ئەو ئەلف و بێیەکەی ئەو پوختە بکات ، هەستا ئەلف و بێیەکی تری دانا بە ناوی (ئەلف و بێی نوێ )، بێگومان مامۆستا برایم الخلدونییە ی پێ تەواو تر بووەو ئەوی لە بەرچاو بووە ، ئەگەر بەراووردی ئەلف و بێ کەی باڵدار و حامد یش بکەین ،دەبینی کەەتارمایی (الخلدونیە) یان پێوە دیارە . الخلدونیە بە: زیر ... زیری .. دەست پێدەکات، ئەلف و بێکەی حامد فەرەخ بە : ڕاو...ڕوو ... دەست پێدەکات. ئەلف و بێکەی

برایم باڵدار بە: دارا..دارا.. دوو داری دی .. دەست پێدەكات. هیچ كام لەو ئەلف و بێیانە بە( أ ، ب ، ت ، چ ...هتد)، دەست پێناكەن و بە پیتی (ر) یان (د) دەست پێدەكەن . وەك د. عزالدین ئەڵێت لە ساڵی 1950 بە دواوە ئەلف و بێیەكەی باڵدار جێگەی ئەلف و بێكەی حامد فەرەجی گرتۆتەوەو لەسەری ڕۆشتوون لە قوتابخانەكاندا، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئیشارەت بەوە بكەم كە من لە نامیلكەی(باپرۆسەی خوێندن و پەروەردە بە عەلمانی بكەین) لە باری مێژوویەوە و زۆر بە كورتی تەنها باسی ئەلف و بێ كەی مامۆستا باڵدارم كردووە لە دوای الخلدونیەوە ناوی ئەوانی ترم نەهێناوە.

هەروەرها لە كۆتایی ساڵەكانی سەدەی بستەمدا و لە سلێمانی ، وە لە دوای مردنی مامۆستا باڵدار ، مامۆستا عبدالله( عەبە سور) هەستا بەدانانی ئەلف و بێیەكی تر، كە بۆ ساڵی خوێندنی 2000–2001 دا لە چەند قوتابخانەی شاری سلێمانی لێی دەخوێنرا و لە ژێر تاقی كردنەوەدا بوو .ئەوەی كە پێویستە لێرەدا بگوترێ ئەوەیە كە سەرباری ئەوەی كە بۆ فێر بوون بەزمانی كوردی ئەم ئەلف و بێ یانە دانراون ، بەڵام لە هەمان كاتدا بیرۆكەی دانانی ئەم كتابانەو ناوەڕۆكەكانیان ، ئەگەر لێی وورد بینەوە بە ڕۆشنی دیارە كە چۆن كتابەكەی ساگع لەخزمەت نەتەوەپەرستی و پەرەدان بە شۆڤێنزمی نەتەوەی عەرەبدایە ، ئەوا لەبەرامبەردا ئەلف و بێ كانی لە خەیاڵیەوە بگرە تا عبدالله ، لەسەر بنەمای بیری نەتەوە پەرستی كوردی و میللەت چێتی و درێژەدان بە بیری جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان كوڕان و كچاندا و دابەشكردنی كارو ژیان بەسەر ڕەگەزەجیاوازەكاندا دامەزراوەو لەم بارەوە لە خزمەت نوێخوازیدا نین لە پرۆسەی پەروەردەو فێركردندا، بەڵكو لەخزمەت سیاسەتی گەورە سالاری و پیاو سالاریدان و درێژەی هەمان نەتەوە پەرستی و كۆنەپەرسیتین ، وە لە خزمەتی سیاسەتێكی نادروستی دەسەلاتدارێتیدا داڕێژراون.

ئەوەی كە ماوە لە كۆتایی ئەم بەشەدا بیلێم ئەوەیە ، پێوستە لەسەر دەستی ئازادیخوازان و نوێخوازان ، هەموو ئەمانە لابرێن و ئەلف و بێ یەك بۆ خوێندن لە قوتابخانەكاندا دابنرێت كە منالان فێری ڕەگەز پەرستی و جیاوازی نەكات و پەرە بە بیری شۆڤێنزمی نەتەوەیی و ئاینی نەدات. بەڵكو بۆ خۆشەویستی و هاوئاهەنگی نێوان مرۆڤەكان ، و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی هەوڵ بدات، ڕێزو خۆشەویستی نێوان مرۆڤەكان و چڕینی گۆرانی بۆ ژیان و لێك نزیكردنەوەیان بكاتە وێردی سەرزاری كۆرپەلەو جگەر گۆشەكانمان.

---

* لە دووبارە دراشتنەوەی ئەم نوسینەدا ، سودم لەو زانیاریانە وەرگرتووە ، كە بەڕێز د. عزالدین مستەفا ڕەسوڵ لەوەلامی نامەیەكی مندا بۆی نوسیبوم.